# ئێمە و میسر
# یان
# لێکچونە سەیرەکان

---

نوسینی :سەعید عارف

میسر لەم نوسینەدا نمایندەی کلتورو فەرهەنگێکی عەرەبی ئیسلامیە ، وەکو پێشەنگ و ناوەندێکی ئەو کلتورە و بە شێوەی ئیدۆلێکی نمونەیی ئێمە لە پەراوێزەوە چاوی لێ دەکەین ، نەک وڵاتێک کە لە مێژووی جیهان دا بەخاوەنی مێژووی فیرعەونی ونەتەوەی قیبتی یە دێرینترەکان دەناسرێت. لێرەدا بە نێو سێ نمونەی هەواڵی مەیدانی و نزیکی ڕۆژانە ی دا ، دەمەوێت تانو پۆی لێکچونێکی قولتر بخەمە ڕوو .

1ــ دەسەڵاتی غەشیم



دوێنی16 ـ 6 لەسەر بڕیاری فەرمی دادگا لاشەی لاوی تەمەن (28)ساڵەی (خالید سەعید)یان لەشاری ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر لە گۆڕدەرهێنایەوە بۆ مەبەستی پشکنین و توێکاری ، بەهۆی گومان بوون لەڕاستی مردنەکەی .
ڕوداوەکە لە 6 ی حوزەیران دابووە . لەسەرەتادا ، لایەنی فەرمی ئاسایشی میسری ڕاستی ڕوداوەکەی دیزەبەدەرخۆنەکردووە .
بەڵام لەژێر کاریگەری فشاری ناڕەزایی برا و خانەوادەی لاوەکە و خۆپیشاندانی ڕیکخراوی لاوان و مافی مرۆڤ و دەنگی ڕیکخراوە نێو دەوڵەتیەکان لە میسردا . هەروەها، کاریگەری سایتەکانی ئینتەرنێت و فەیسبوک ، بۆتە هۆی دووبارە تێهەڵچونەوە لە کێشەی کوشتنی لاوەکە . بەجۆرێک بووە بەقەیرانێک و

دەنگدانەوەیەک لە پەڕلەمانی میسری دا و ، تێهاتنی لایەنی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو کێشەکە . هەروەها بەپاڵپشتی بزوتنەوەی گۆڕان بەپێشەنگی (دوکتۆر محەمەد ئەلبەڕادعی) هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی .
بەهۆی ڕوداوەکەوە ، لەپەیامی خۆیدا بۆ لایەنگرانی لەسەر ڕووی ـ فەیسبوک ـ دا دەڵێت :
( یاساکانی ئاوارتە و ناکاوی چەکێکە بەدەست پۆلیس و ئاسایشەوە ، بەڕەهایی لە شێوەی دەسەڵاتی بێ سنور دا بەکاری دەهێنن ، دەتوانن هە ر کەسێک زیندانی بکەن بەبێ بڕیاری دادگا) هەروەها دەڵێت پۆلیس یاساکە بەکاردەهێنێت بۆ (سەرکوت کردنی سیاسیانە و دژایەتیکردنی ئۆپۆزیسیۆن) بەڕادعی دەپرسێت :
(ئاخۆ عەقل دەیبڕیت میسر ماوەی 30ساڵ لەژێر باری یاسای ئاوارتە و ناکاوی دا بەردەوام بێت ؟)
شایانی باسە لەوێ لە ناوەڕاستی مانگی پێشو دا ، بڕیاری کارکردن بەیاسای ئاوارتە ، بۆ ماوەی دووساڵی تر درێژ کرایەوە .

ڕاگەیاندنی پۆلیس دەڵێت ، لاوەکە ئازار نەدراوە بەهۆی قوت دانی کیسەیەکی گەورە ی پلاستیکی مادەی هۆشبەرەوە ، لە ترسی بازجوکردنی پۆلیس ، بە حالەتی خنکان مردووە . بەڵام لەڕاستی دا شوێنەواری لێدان و ئەشکەنجەی قورس بەدەم و دان و چەناگەی لاوە بەدبەختەکەوە دیارە ، پێ دەچێت دوای گرتن و بردنی لەشوێنەکەی ، توشی لێدان وئەشکەنجە کرابێت و لەژێرباری ناهەموار دا مردبێت . دواتر پۆلیس بۆ شاردنەوەی کارەکەیان ،پاش مەرگی کیسەیەک مادەی هۆشبەریان ئاخنیوەتە ناو دەمی ، دواتر بە ئۆتۆمبیلی خۆیان لاشەکەیان بردۆتە وە بۆ جێگەی یەکەمی گرتنەکەی . دواتر ئەمبۆلانس هاتووە و بردویەتی بۆ بیمارستان .

( ئەحمەد سەعید)ی برای کوژراوەکە دەڵێت :
(ئەگەر خالیدی برام بێ کار ، یان بازرگانی مادە هۆ شبەرەکانیش بووبێت ، بۆ دەبێت بەم چارەنوسە بگات ؟) دەپرسێت (بۆچی کوشتیان؟) و ، دەڵێت پۆلیش لەسەرەتادا هەوڵیان دا لە کێشە ساردمان بکەنەوە و کۆڵی لێ بدەین ، بەڵام بەهۆی فشاری میدیاو ڕاگەیاندنەوە نەیان توانی . هەروەها لەڕەخنەیەکی دا بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ کەگوتوبویان خالید ئەرکی سەربازی بەجێ نەگەیاندووە ، خێزانەکەی بەڵگەی فەرمی بەجێگەیاندنی ئەرکی سەربازیان پیشان دابوون .
کێشەکە لە قاوغی پچوک دەرچووە ، هەنوکە لایەنی میسری و دەرەکی و نێو دەوڵەتی هاتونەتە پێشەوە و جۆرێک لەقەیرانی دروست کردووە بۆ دەسەڵاتداری پۆلیسی میسری و داوای ڕادەست کردنی دادگایی تاوانباران و بەسزا گەیاندنی پۆلیسەکان دەکەن .

هەنوکە ( خالید سەعید ) ناوی (شەهیدی ئاوارتە)ی بەسەردا بڕاوە و بووە بەئەستێرەیەکی درەو شاوە .

 لێک چونێکی سەیرە لەگەڵ لاوی بەئەستێرە بووی کورد ( سەردەشت عوسمان )ی (شەهیدی ئازادی و قەڵەم ) دا ، لە گەڵ هەندێک جیاوازی دا . (سەردەشت)ی شاد ڕەوان ، بێکار نەبوو قوتابی دواپۆلی زانستگابوو ، کەسێکی مەئیوس و نائومێد نەبوو بەلکو پڕ بوو لە هەوڵ و هیوا ، پاش مەرگی وەچەیەک( ئومێد)ی بەجێ هێشتووە . بەوەی لەنوسینێکی نەمردا دەڵێت : لەکوێ دا من تەواو بوم و خاڵی کۆتاییم دانا بائەوانی تر بچنەوە بۆ دەست پێکو سەری دێڕێکی تر دەست پێ بکەنەوە . هەروەها ، خەمی ئەوە دەخوات . ژیان بەشی دەربرینەکانی ئەو ناکات .
بەڵام لەوە دەچێت پۆلیسی میسری لاسایی ئەوەی ئێمەی کردبێتەوە چونکە کاری ئەوان مانگێک دواترە .

 هەروەها، تێزی( شەهیدی ئازادی و قەڵەم) ، گەردونی و یۆنیڤرساڵی ترێکە ، لەشەهیدی ئاوارتەی میسری .
 چونکە کێشەی( خالید) عەدالەتە بە گشتی ، هی( سەردەشت )ئازادی و عەدالەتە.

2 ــ سانسۆری بیرو جوانی




 لە 9ی حوزەیران دا دادگای میسری بڕیاری ڕەت کردنەوەی داوای کۆمەڵەی(پارێزەرانی بێ سنور) ی دەرکرد ، کاتێک ئەوان لەپێش مانگێکەوە سکاڵایان دژی بڵاوکرنەوەی دوا چاپی کتێبی کەلەپوری شەهرزادو (هەزارویەکشەوە)ەکەی تۆمار کرد بوو ، بەناوی ئەوەی بۆ ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگەی میسری مەترسیدارە و ، دەربڕینی (دژەئاپڕوو) ی تێدایە .

 بۆ دووەم جارە سکاڵاتۆمار دەکرێت دژی ئەم شاکارە تەمەن زیاتر لە هەزار ساڵەیە . لەناوەندی هەشتاکانی سەدەی پێشوش دا ، سکاڵا لەدژی چاپکردنی ئەم بەرهەمە مەزنە تۆمار کرابو ، بەڵام سکاڵاکە لەسەرەتاکانی ساڵی 1986دا ڕەتکرایەوە .
 دیارە ڕەنگاو رەنگی بیر و خەیاڵ و سینەفروانی سەردەمی دەرباری خەلیفەکانی عەباسی زیاتر بووە لەئێستایووڵاتی میسر .

بەرهەمێک کۆکراوەی کەلەپوری و کلتوری هەموو ڕۆژهەڵاتە ، بەدنیای ئیسلامی عەرەبی ئێرانی و هیندیەوە بەهەموو جوانی و تەڕو پڕیەکیەوە سەربوردی ژیان و سەردەمەکەی تێدا پارێزرواوە .
بەجۆرێک کاریگەریەکی ئاشکرای بەسەر ئەدەب و هونەری جیهانەوە نەخشاندووە . لە کەسایەتیەکانی نوسەر و شاعیر و هونەر مەندی موزیکی و کارە مەزنەکانی سینەماو ئۆپێرا وشانۆو هەتا دەگات بەفلیمی کارتۆنی ، هەموو بوارەکانی تەنیوەتەوە . بەرهەمێکە لەوانەی ڕۆژهەڵاتیەکان بتوان لە بەر شکۆی میسیۆلۆجیای گریکی دا پارسەنگی خۆیانی پێ بهێننەوە .

میسر لە زووترین کات دا ڕۆشنگەری نوێ بونەوە ڕوی تێکردووە لەسەردەستی ناپلیۆن و محەمەی عەلی پاشاوە. چی توانست و هێزێکی ترە دەیەوێت میسربەرەو ئەشکە وت بەرێتەوە .ئەوەی زیاتر مەترسیە ، میسر لە ناوەندە عەرەبی و ئیسلامیەکە دا ، نمونە یەکیو چاو لێکراوە .

ڕەنگبی ئیلهامی شاکاری (هەزارو یەک شەوە) وە بوویێت ، لەناو کوردا مەلایەکی وەکو (عەلادین سوجادی) ، کەوتە کۆکردنەوە و نوسینی سەربوردو ژیانی ساکارو خۆرسکی کوردی و کۆکردنەوەی کەلەبورێکی زارەکی ، لەژێر ناوی(ڕشتەی مرواری) و لەچەند بەرگ دا بڵاوی کردەوە لە چلەکانی سەدەی پێشووەوە ، لەسەردەمی بوژانەوەی زمانی نوسینی کوردی ، جگەهەندێک سەرقاڵی رۆشنبیری و پیشەی مەلایەتیەکەی . کەچی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی لە شیوە مۆدێلێکی تری میسری، لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابوردودا کەوت بوە دژایەتی کردنی بەرهەمە کەلەپوریەکەی ئەم مەلایە . بودجەیەکی ماڵی تەرخان کرد بوو ، بۆکڕین و کۆکردنەوەی بەرگەکانی (ڕشتەی مرواری) بەمەبەستی سوتاندن و بن بڕ کردنیان . سەیرە ئەوەی لەسەردەمی پێشودا لە کۆڕو مەجلیسی مەلاو پیاوە ئاینیەکان دا گوتراوەو باسکراوە بۆ دەرس لێ وەرگرتن و پیتۆڵی و گاڵتەو گەپ و تەڕ دەماغی ، ئەو قسەو باسانە بوون لە(ڕشتەی مرواری) کرابوون بەتێکست . ئەوەی پیاوانی ئاینی لەکۆندا بەخشیبویان بە کۆمەڵگای کوردی ، تازە ئیسلامیە سیاسیەکان لە خەلکی دەستێننەوە . دواتر چەند هەوڵدانێکی سەمەرەو کۆمیدی بوو ، چی پەرادۆکسێکە هەردو لایەنی دژ بەیەک نوسەری بەرهەمەکە و بزتنەوەکە ، دەستپێکیان یەک سەرچاوە و یەک ئاینە .

لێک چونێکی سەیر ترە لەمیسریەکان .

جانازانم هەرچی ئاوێک لەمیسرەوە دەڕێژرێت لێرەوە پێی لێ دەخەن ، یان تۆ بڵێی میسر چاو لەئیمە بکات ؟!!!

3 ــ جێ نشین



لە نزیک سەرەتای مانگی ئاياردا ، (حوسنی موبارەک)ی سەرۆکی میسر ، تازە نەشتەرگەریەکی بۆ کرابوو لەئەڵمانیا و بە ئیتالیادا دەگەڕایەوە . لەدیمانەیەکی هاوبەشی ڕۆژنامەکەریدا (سلڤیۆ برلیسکۆنتی )
سەرۆکی ئیتالی ئیرەیی بە سەرۆکی میسر دەهات ،بەتایبەت برلیسکۆنتی زۆرخولیاو مەراقی خۆ گەنج کردنەوەی هەیە ، لەوێدا گوت بووی: ( موبارەکم بەتەواوی گوڕو چالاکیەوە بینی و گیانی شۆخی وخۆشباوی خۆی پاراستووە و هێشتا گەنج دەنوێنێ ).

لەدیمانە ڕۆژنامەوانیەکەدا ، ڕۆژنامەنوسێکی ئەڵمانی لە موبارەک دەپرسێت:
( ئاخۆ بەنیازە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2011 دا خۆی کاندید بکاتەوە ؟)
موبارە پەنجە بۆ ئاسمان هەوادەدات و دەڵێت :
(خوا هەر خۆی دەیزانێت !!)
کاتێک توشی پرسیارێکی ناکاوی دەکەن بەوەی ئاخۆ کێ دەبێت بەجێ نشێنی ، موبارەک بەئینگلیزیەکەی دەڵێت :
( کێ دەیزان ...کێ دەیزانێ ...تەنها خوا ئەیزانێت کێ دەبێت بەجێ نشینم !!)
کاتێک لێی دوپات دەکەنەوە ، موبارەک دیسان پەنجە حەوا دەدات و دەڵێت:
( ئەوەم پێ باشە ، کە خوا پێی باش بێت )
لە دواتری دادەڵێت :
(بەهەر حاڵ ئەوە لەلام پرسیارێکی ناسک وزەریفە ).
لێرەدا باسی دیمانەکە تەواو بوو .

لەو بارەی ئێستا میسری تێدایە . بەسەرنجێک لە و ڕوداوە ڕۆژنامەوانیە . حوسنی موبارەک ، بەدنیای ئەوان ڕادەبوێرێت .
ئەگینا ، دەزانرێت مێژووی میسری کۆماری لەسەرەتاوە چۆن بە(جەمال)ێکی سەرۆکی حوسنی موبارەک دەستی پێ کردووە و گەیشتۆتە ئیستا کەو ئەم سەرەنجامەی (جەمال) ێکی تری کوڕی حوسنی موبارەک هەڵدەخڕێنرێت و ئامادە دەکرێت بۆ جێ نشینی و پر کردنەوەی جێگای باوکی دوای ناسر و سادات . ئیتر بەڵێنی ئەفسەرئازادەکان هەر ئەوەندەی پڕ کرد .

مۆدێلەکە لە کۆمارەعەرەبیەکانی (سوریا)وە بەسەرکەوتوویی دەستی پێکردووە بۆ (لیبیا) هەر کۆمارێکی تری عەرەبی لەم ڕۆو سبەینێ دا دەگوێزرێتەوە ، بەئیلهام بەخشی سەرەتاو کۆتایی شۆڕشی یۆلیۆی میسری .

ئەو میسرەی یەکەم دەوڵەتی عەرەبی پۆست کۆڵۆنیالیستی بوو کە لە تەموزی 1952دا بەکودەتای ئەفسەرە ئازادەکان ، دەسەڵاتی شایەتی میراتگری لە بنەماڵەی خدێوی سەند ، پێش کۆڵۆنیالیستەکان و لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیەوە حوکمی میسریان دەکرد لە محەمەد عەلی پاشای ئەلبانی نەژادی باپیرەیانەوە . لە کاریگەری شۆڕشی یۆلیۆو ڕوخانی دراماتیکی شانشینی میسریەوە زۆربەی تەختی پاشایەتی میراتی دەوڵەتی عەرەبی تر ڕوخان و توشی لەرزین هاتن .
بەجۆرێک ، هەر لە ئیتالیای هەنو کە دێنی کراوی حوسنی موبارەک دا ، شا(فاروق) دواشای دەرکراوی میسر گیرسایەوە و ، بەجۆرێک کۆدەتای یۆلیۆی 1952 وورەی شا فاروقی ڕوخاند بوو ، لەئیتالیای تاراوگەیدا لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی دا ، کاتێک لێی دەپرسن :
(ئاخۆ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پاشایەتی میسر ؟)
لەوەڵام دابەگیانێکی میسریانەی گەپجاری هاوشێوەی موبارەکی سەرۆکەوە گوت بوو ی:
(( پاشایەتی بەجۆرێک چارەنوسی تەواو بووە ،تەنها پێنج شا لە جیهان دا دەتوانن بمێننەوە ، شای بەریتانیاو ، چوار شاکەی ناو کاغەزی قومار )) .

لە ووڵاتی عەرەبی دا (ئەفسەرانی ئازاد) کەناوێکی ئەدەبی کودەتاچیەکانی ڕوخێنەری شانشینە بوون ، بەبیانوی ئەوەی دەسەڵاتی کۆن و بەسەرچو ن ولەسەر بنچینەی پشتاو پشت و میراتگرین لەسەر بنەمایەکی نایەکسانین ، کەچی دیسان وەچەکانی ئەو ئەفسەرانە دەگەڕێنرێنەوە بۆ بنچینە میراتی و نایەکسانیەکە ، یان بەدیوەکەی تردا ئامادەدەکرێن بۆ بەجێ نشینی بەگەمەکانی سەردەم . بەمانایەکی تر ئەم وەچە نوێیانە وەکو دەستوری میراتی ناچنە سەرکورسی کۆنی پاشایەتی باوانیان ، بەلکو کورسی نوێی ی کۆماری دەهێنرێت بۆ ژێر وەچەی ئەفسەرە ئازادەکان .

هەمان لێک چون و مۆدێل لە کوردستان دا بۆ وەچەکانی سەرۆکی حیزب و شۆڕش پیادەدەکەن ، بەڵکو زیاد لەوەش پێوەی دەڕۆین ، شۆڕتریان کردۆتەوە بۆ خوارتر ، بەجۆرێک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب ، وەچەکانیان دەبنەوە جێ نشینیان لە هەمان پۆستی پێشوی باوانیان ، بەمە تێی دەپەڕێنن لە دەوڵە کۆماریە عەرەبیەکان . بەوەفا تر لەعەرەبەکان ئێمە دەغاڕێنەوە بۆ قوڵایی مێژوی بەسەرچوی ئەوان ، جگە لە خەلیفە ، شالیارو سەرۆکی دیوان و حاجیبو پەردەدارو سەردارانی سوپاش هەر میراتی بوە بۆ کورەکاناین و ، ئێمە تێزی زیاتریشمان تێکردووە ، ئەگەر ئەلادی نێرینەی نەبێت ، وەکو گیانی کچەکانیان دەکەینبەجێ نشین ، دووسەر موزیەدەی پێوەدەکەین ، بەسەری میراتگری کۆن و بەسەری خۆڵ کردنە چاوی مافی مرۆڤ و ، ماڤی

ئافرەتانەوە ، ئەی چەند چەلەنگ و عاقڵ و عەگیدین ، لەیەک کات دا کڵاو سەردنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنێین .

ــ سەرەنجام

کوردستان تخوبی ئەو شوێنەیە کە تیایدا دووفەرهەنگ سنوریان لەیەک دەگەڕیتەوە و شوێنی کاڵ بونەوە لێک هەلبواردنە لە نێوان کلتوری عەرەبی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی نزیک دا ، بەرامبەر بە کلتوری ئێرانی و هیندی بەرەو قولاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور . تەنها مێخدەزوی ئیسلامی ئەو موروە جیاوازانەی کردووە بە ملوانکەو دەسبێن .
بارى کورد وا سروشتی تر بوو . زیاتر بەرەوە دیوە ئێرانی و هیندی و ڕۆژ هەڵاتی دورەکە پرواتن ، بە بەڵگەی ئەوەی ، لەڕوی ئەتنی و زمان و کلتور فەرهەنگەوە ــ یان وەکو نمونەکەمان ، کورد موروەکانی هاوشێوەی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی دوورە ــ سەربەو ڕوکارەیە و درێژکراوەی ئەوانە بەدێراوی ئەوان زیاتر پاراو دەبێت .

وەلێ بۆ بەدبەختی کوردستانی باشور لە ژێر هەژمون و چاولێکەری ، ئیسلامی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نزیک دایە ، بەجۆرێک لەوێدا میسر ، بەهۆی چەندێتی ژمارەی دانیشتوان و شوێنکەوتەی جوگرافی و فەرهەنگیەوە ، دەست پێکەرو داهێنەری هەموو پێکهاتە کلتوری فەرهەنگیە عەرەبی یە ئیسلامیەکەیە ،کاریگەریەکانی بەنێو بەغدای پایتەخت دا بەدەستی دوو دەگاتە کوردستانی باشوری گەورە ، لە دیمەشقیشەوە بۆ کورستانی باشوری بچوک گوێزانەوەکەی تری دەست پێدەکات ، لەگەڵ زیادەی بەهارات وبۆن و بەرامەی ئەوپایتەختانەوە دەگات بەئێمەی کورد .

ئێمە تەنها لاسایی کەرەوەی میسری عەرەبی نین لە سیاسەت و دەسەڵات دا بەڵکو لە کلتوری کۆمەڵایەتی و فاشیۆن و جل و بەرگو پێداویستی تریش دا ، کۆپی لەوان وەردەگرین .
ناوی کچە ئەکتەری نەرم و شلی میسری (لەیلا عەلەوی) دادەپرین بەسەر جۆرێک ئۆتۆمبیلی دڵخوازی خۆمان دا و ژنانیش جۆرێک قوماشی حەز پێکردوی خۆیان بە جوانی چاوبرۆی( سەمیرە تۆفیق) وە ناودەنێن .
زۆر بابەتی تری زەوقی هونەرو گۆرانی و وێژەش ،وێنە لەوان دەگرینەوە . بەجۆرێک تامی هونەرو کلتورە خۆمالی و ڕەسەنەکەش ، هەر لە شلەو ڕۆناوی عەرەبی دا چێژی گۆڕاوە تە سەر ئەوان .
خۆئەگەر جوانی و چێژێک لەزمان و ئەدەب وهونەری کوردی دا مابێت ، ئەوە لە سایەی بەرهەمەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون ، بەهۆی نومای ڕوکاری ڕاستی فەرهەنگیەوەیە کە ئاڕاستەی بەرەو فەرهەنگی ئێرانی وهندی و قوڵایی ڕۆژهەلاتی دورەوەیە ، وەکو سەرچاوەی زەوقی سروشتی و چاوگی سازو ڕەسەنی هونەری کوردی دەسەلمێنێ .

ئێرانیەکان لە زووەوە مشور خۆر بون ، لەڕووە فەرهەنگیەکانی دەسەڵات و زمانەوە ، بۆئەوەی توشی بزرکانی فەرهەنگی نەبن ، خۆیان لە کاریگەری فەرهەنگی جیاوازی عەرەبی هەلبواردووە ، بەوەی دوای خەلیفە مەئمونی عەباسی یەوە ، کە دایکی فارس بوو لەخۆراسانی ماڵە خاڵوانی پەروەردە کرابوو ، تێراو بوو بە فەرهەنگی ئێرانی و بەجۆرەکۆمەکێکی ئەو خەلیفەیە ، کەوتنە ماڵ جیایی خۆیان لەدەسەڵات و زمان دا . تاهیری کوری حسەین کە فەرماندەیەکی فارسی خەلیفە مەئمون بوو ، یەکەم دەوڵەتی نیمچەسەربەخۆی لە خۆراسان دامەزراند .
لەوێوە ، بەدەوڵەتە فارسیەکانی (تاهیری) و(سەفاری) و (سامانی) سونی مەزهەبە وە دەستیان پێ کرد ، هەتا گەیشتن بەدەوڵەتی (سەفەوی) و لەوێدا مەزەهەبەکەشیان جیا کردەوە بۆ شیعەی تایبەت بە خۆیان و تا ئەم سەردەمە لە(مەزهەبێکی هەناو نەتەوەیی دا) تەشقو تینو تاوی خۆی بەجۆری گونجاوی خۆیان ، وەکو دەسەڵاتی سەردەم ، پیادە دەکەن، بەجۆرێک دەکرێت بڵێن دینێکیان بۆ نەتەوەو فەرهەنگەکەیان گونجان دووە ، قۆناغ بەقۆناغ و پاش هەندێک خۆ بەدەمەوە دانی ناچاری لەبەر تینو تاوی تازەیی ئاینەکەو دەمارگیری خێڵەکی عەرەبدا ، ئیتر ووردە ووردە کەوتونەتە سەخۆو بوژاندنەوەیان دەست پێ کردووە لەهەموو ڕویەکەوە .
هەر لەکەمتر لە دووسەد ساڵێک دوای هەژمونی زمانی عەرەبی ، بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە ، فارسەکان کەوتنە زیندوو کردنەوەو بوژاندنەوەی زمان و فەرهەنگی خۆیان .

لەکاتێکدا شاعیرێکی ئێرانی لەدەرباری سامانیەکان دا وەکو عادەت بەعەرەبی دەکەوێتە مەدح و پیا هەڵدانی میرە سامانیە کە ، میرەکە دور لە عادەتی ڕیایی درۆزنیانەی عەرەبی زانین ، گرژ دەبێت و دەڵێت :
(بۆ بەزمانێک دەم دەدوێنن کەمن هیچی لێ حاڵی نابم ؟!!)

لەو دەستەواژەیەوە زمان و فەرهەنگی فارسی دە کەوێتە سەرهەڵدان و بوژانەوە ، هەرسێ شاعێری گەورەو ناوداری ئێرانی (ئەبولقاسمی فیردەوسی ) و (سەعدی شیرازی) و(خواجا حافز) بەشاکارە نەمرەکانیانەوە سەرحی زمان و نەتەوەی فارسی دوای ساسانیەکان بنیات دەنێنەوە ، کە ئەو سیانە هەرسێکیان سونی مەزهەبەکانی دوای هاتنی ئەو میرنشینە سونە فارسیەکانن .

ئەوانە بەشێکی زیندووی ئیلهام بەخشی شاعیرە بنیات نەرەکانی زمانی نوسینی کوردین لە نالی و سالم و کوردی و مەحوی یەو ە، ئەو جوانی و نەمریەی لە بەرهەمیان داهەیە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سروشتی و ڕوکارێ ڕاستەقینەی فەرهەنگی ئێرانی و قوڵاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور .

لەڕوی ئاوازو موزیکیشەوە ئەوان ، ئێرانیەکان ، زۆر لەزوەوە سەرچاوەی زەوقی ڕاستەقینەی خۆیان زانیوە .

بەشێوەک دەگێرنەوە ، شا(تاهماسب) هەموو موزیسیانەکانی سەردەمی خۆی لەناوبرد بە مامۆستای موزیکی کورەکەشیەوە ، کاتێک زانی مەقامی (سەبا) یان لە نێو ئێرانیان دا بڵاو کردۆتەوە ـ چونکە مەقامی سەباله بنچینەدا لەسەر هەوای عەرەبی و عوسمانی تورکیهکان بوو ـ هەرچەندە ئەوە بۆ سەردەمێکی وەکو ئێستا ، سیکتاریزمی کلتوری و جۆرێک لە نامرۆڤایەتی دەگەیەنێت ، وەلێ لەو کاتە دا بووە هۆی پاراستنی زەوقی سازگاری ئێرانی و ،ئەمرۆ لە فەرهەنگ دا لەگەڵ عارەبان و تورکان دا ئەگەر تێکەڵیەکیش بکەن ، جوانی و ڕازانەوەیەک دروست دەکات نەک بزرکان وتوانەوەی فەرهەنگی ، وەلێ لە باری ئێستای کوردی باشوردا بەهۆی بێ مشوریەوە بەتایبەت لە بواری نەزمو ئاوازدالە تێکەڵ بون بە کلتوری تورکی عەرەبی جگە لە بزرکان و ئاڵۆزبون بێ زەوقی نەبێت هیچی تری لێ نەکەوتۆتەوە .

وەکو نمونەی سەرەتای باسەکەمان ، لەوێدا میسر ناوەندی ئەو فەرهەنگەیە بۆ گواستنەوەی کلتوری سیاسی و فەرهەنگی بۆ کوردی باشور ، ناتوانین تەبابیەکی ڕاستەقینە بدۆزینەوە بۆ جەوهەری کلتوری ئەوان لەگەڵ جەوهەرو هەناوی سروشتی کلتوری کوردی دا ، وەکو ئەوە وایە :

((بەرگ و کراسە میسرییە عەرەبیەکەمان بەروپاش هەڵگەڕاوە لەبەر کرد بێت ، بۆیە پێیانەوە دزێو ناحەز دەنوێنین ))

17 ـ 06 ـ 2010

saidaraf@hotmail.com

سەرچـــــــــــــــــاوەکان

________________ :

(*)دەسەڵاتی غەشیم

سایتی (ایلاف)

http://www.elaph.com/Web/NewsPapers/2010/6/571069.html

ڕۆژنامەی (دارالحیاة)

http://www.daralhayat.com/portalarticlendah/153006

ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)

http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issueno=11524&article=574335&feature=

(**)سانسۆری بیرو جوانی

سایتی (ایلاف)

http://www.elaph.com/Web/NewsPapers/2010/6/569390.html

ڕۆژنامەی (دار الحیاة)
http://www.daralhayat.com/portalarticlendah/150542

(***)جێ نشین
ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)

http://www.aawsat.com/details.asp?section=1&issueno=11496&article=570369